ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
ئۆکتۆبەر
96
10 ی تشرینی دووەم / نۆڤەمبەری 2024



# "پرسی ئاشتی" لە تورکیا!

موحسین کەریم

رۆژەکانی نیوەی دووەمی مانگی ڕابردوو بۆ کۆمەڵگای تورکیا، دەرخەری وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە مێژووی سیاسی تورکیادا! دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی فاشیستترین و شۆڤێنیترین پارتی نەتەوەپەرستی تورکی(مەهەمە)، کە بەدرێژایی مێژووی سیاسی حزبەکەی نەک هەر دژی خەڵکی کورد بووە لە تورکیا و کەمترین و سەرەتاییترین مافی بەڕەوا نەبینوە بۆیان، بەڵکو بەهەموو جۆرێک بەرگری لە سەرکوتکردن و داپڵۆسینی هەموو جۆرە جموجوڵ و خواستێکی خەڵکی کوردی کردوە بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە، "دەستی ئاشتی بۆ خەڵکی کورد درێژدەکات!" رۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، لە پەرلەمانی تورکیا دەڵێت: {با ئۆجەلان بێتە پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکەی ڕابگەیەنێ و کۆتایی بە تیرۆر بهێنێ، ئەوکات دەتوانێ سودمەند بێت لە یاسای "مافی هیوا"؛ واتە ئازادی}. ئەم راگەیاندنە باخچەلی لەلایەن ئۆردوگانەوە پشتیوانی لێکرا. دواتر باخچەلی لەوەش زیاتر دەڕوات و لە ٢٧ی ئۆکتۆبەردا لە کۆڕی یادی ١٠٠ ساڵەی مردنی" زیا گۆک کاڵپ" کە کۆمەڵناسێکی تورکی بووەو بە باوکی ناسیۆنالیزمی تورک دادەنرێت، دەڵێت:" ئەگەر هەر تورکێک کوردی خۆش نەوێ تورک نیە، هەر کوردێکیش تورکی خۆش نەوێت کورد نیە!"

بۆ لاپەڕە ٢



# حکومەتی دوای هەڵبژاردن!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

# راگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمی (٣٠)هەمی کۆمیتەی ناوەندی

بۆ لاپەڕە ٥

# چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی مانگانەی کۆمۆنیست، لەگەڵ محەممەد عەلووش، ئەندامی دامەزرێنەری "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین"

بۆ لاپەڕە ٧



# هەڵبژاردنی ترەمپ و سیاسەتی دەورەی داهاتووی ئەمریکا!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١٠

# تورکیا چی لە سوریا و عێراق دەوێت؟

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ١٢

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی......."پرسی ئاشتی" لە تورکیا!

جێگای ئاماژەیە کە لەبەرامبەر ئەم ڕاگەیاندنانەی باخچەلیدا، ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبەر، هێرشێکی چەکداری کرایە سەر دامەزراوەیەکی دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئەنقەرە و پەکەکە بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆ گرت! بەڵام دەم پارتی سەرکۆنەی هێرشەکەی کرد و ڕایگەیاند؛ " ڕوودانی شتێکی وا چاوەڕوانکراوە لەکاتێکدا کۆمەڵگای تورکیا باسی چارەسەر دەکات و ئیمکانی گفتوگۆ زیاتر دەبێت". عبدللە ئۆجەلانیش لە دیدارێکی لەگەڵ عومەر ئۆجەلانی برازای کە سەردانی کردبوو لە زیندان، ڕایگەیاند کە" ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێندرێت توانای تیۆری و کردەییم هەیە ئەم پرۆسەیە لە پێکدادان و ئەنجامدانی توندوتیژییەوە بگۆڕم بۆ زەمینەی سیاسی و یاسایی."

سەرەڕای هێرشەکەی پەکەکە کە بووەهۆی کوشتنی چەندین کەس، بەڵام دەوڵەت باخچەلی باسی برایەتی کورد و تورک دەکات و ئۆردوگانیش ئاماژە بەوە دەکات کە بەرەوپێشەوەچوونەکان فرسەتێکی کەموێنەن!

بێگومان ئەوەی پێی دەوترێ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، بەردەوام لەسەر دەستی دەوڵەتی فاشیستی تورکیادا شکستی پێهێنراوە، چونکە هیچکات ئامادەنەبووە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کورد لە تورکیا بەرەسمی بناسێت و دەستبەرداری سەرکوت و داپڵۆسین بێت دژی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان. هەرجۆرە بەرەنگاری و نارەزایەتیەکانی دانیشتوانی کوردستانی تورکیا دژی ستەم و زوڵمی دڕندانەی ئەو ڕژێمە بەناوی تیرۆرو بەبیانووی دژایەتیکردنی تیرۆرەوە سەرکوت کردوە. ئەوەی ڕێگری لە دامەزراندنی ئارامی سیاسی و کۆتاییهاتنی فەزای جەنگی لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا کردوە، کە ڕاستەوخۆ نائارامی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی و نەفرەت و کینەی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی برەوپێداوە لەناو کۆمەڵگای تورکیادا، دەوڵەتی تورکیا بووە. ئەم وەرچەرخانەی ناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکی و حزبەکانی و حکومەتەکەی ڕوو بە پرسی کورد، دەرخەری ئەوەیە کە؛

یەکەم؛ کۆمەڵگای تورکیا بە ئەزموونی دەیانساڵەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی حزب و بزوتنەوە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکانی تورکدا، بەو بڕوایە گەیشتوە کە ئیتر پرسی کورد لە کۆمەڵگای تورکیادا ناکرێ بەهەمان ڕەوشی کۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. درێژەکێشانی ئەم کێشەیە لەرووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگای تورکیا بەرەو کارەسات و داڕوخانی زیاتر دەبات.

دووەم؛ گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکانی جیهان و هەنگاوەکانی جیهانی سەرمایەداری بۆ جیهانی فرەجەمسەری، لەگەڵ خۆیدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەهەموو مەیدانەکانی سیاسی-ئابوری- ئەمنیدا دەهێننەپێشەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتەکانی دەبێت. ئەو دەوڵەتانە دەبێت خۆیان بۆ پێشوازی لەو گۆڕانکاریانە ئامادەبکەن. تورکیا وەکو دەوڵەتێکی گەورە و یارکەرێکی ناوچەیی، دەبێت خۆی بۆ ئەو پێشهاتانە ئامادەبکات.

بۆ ئەو مەبەستەش، سەرەڕای ئارامکردنەوەی دۆخی سیاسی و ئەمنی و بگرە ئابوری ناخۆی تورکیا، لە عێراق و سوریاش پێویستی بە ئارامکردنەوەی دۆخەکە هەیە لەگەڵ پەکەکەدا، چونکە فاکتەرێکی زۆر گرنگ و چارەنوسسازدەبێت بۆئەوەی تورکیا بتوانێ بەرەوپیری ئەو گۆڕانکاریانە بڕوات.

لەلایەکی دیکەشەوە، لەچاوی کۆمەڵگای کوردستانی تورکیاو بگرە بزوتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیستی کوردیشەوە، مەسەلەی بەرەنگاری چەکداری وەکو هۆکارێکی کاریگەری بەرەنگاری، پێگەی جارانی لەدەستداوە. دەمێکەیە دەستدانە خەباتێکی سیاسی وەکو ڕێگایەکی بەرگری و بەرەنگاری ستەم و سەرکوتگەریەکانی دەوڵەتی تورکیاو لەپێناو مافەکانی خەڵکی کورد لە تورکیادا، دەستی پێکردوە. بۆیە بەنیسبەت پەکەکەشەوە مەسەلەی کرانەوەی دەروازەیەک بۆ چوونە ناو پرۆسەی سیاسیەوە بایەخی پەیداکردوەو ئەوەش لەزمانی ئۆجەلانەوە ڕایەگەنراوە، ئەگەرچی ڕەنگە بەشێکی پەکەکە بەناڕاستەوخۆ نەیانەوێ لەگەڵ ئەم پێشهاتە نوێیەدا بڕۆن بە حوکمی نزیکیان لە ئێرانەوە!

سەرەنجام دەستپێکردنی دۆخێکی نوێ لەنێوان دەوڵەتی تورکیاو خەڵکی کورد و هەروەها لە نێوان دەوڵەت و بزوتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد( بە چەکداری و مەدەنیەوە) بەپلەی سەرەکی بەندە بەوەی دەوڵەتی تورکیا تا چ ڕادەیەک ئامادەیە دان بە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانی تورکیادا بنێ و کۆتایی بە فەزای سەرکوت و داپڵۆسین بهێنێ لە ناوچە کوردنشینەکاندا، بەپلەی دووەمیش بەندە بەوەی کە چەندە ئەو ڕەوتەی ناو پەکەکە کە لەئێرانەوە نزیکە، کێشە بۆ ئەم "کرانەوە"یە دروست ناکات.

# حکومەتی دوای هەڵبژاردن

## عوسمانی حاجی مارف

حکومەتێک گەر یەکێتی نیشتمانی بەشداری تێدا نەکات، ئەو حکومەتە ناتوانێت پێکهاتەیەک بێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمدا درێژکاتەوە، بەتایبەتی سلێمانی و هەڵەبجە، چونکە دەسەڵاتی یەکێتی بە هەر هاوسەنگیەک بێت لەبەرامبەر پارتیدا رایگرتووە، لەئەنجامدا وەها چربووەتەوە کە توانیویەتی تەواوی دامودەزگاکانی ناوچەی سەوز کۆنترۆڵ بکات. هەروەها هێزی تایبەتی خۆی لە پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس دابینکردووە.

ئێستا هەرێم لەبەردەم تاقیکردنەوەی چارەنووسێکی دیکەدایە، ئەویش پێکهێنانی حکومەتی نوێیە لەژێر رۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا کە بووە هۆی سەرکەوتنی بارزانی بەسەر رکابەری راستەوخۆی خۆی، کە تاڵەبانیە، ئەمەش خولقێنەری پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بۆیە نازانرێت سەقامگیری هەرێم چۆن دابین دەکرێت.

دەرکەوتنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن نەک هەر نائومێدی بۆ باڤڵ و یەکێتی هێنایە ئاراوە، بەڵکو نائومێدی بۆ هاوپەیمانیە عێراقیەکانی و تەنانەت بۆ ئێرانیش دروستکرد، کە هیوایان ئەوە بوو لەو رێگەیەوە نفوزی خۆیان بۆ تەواوی هەرێم درێژ کەنەوە و پاشەکشەیەکی تر بە بارزانی بکەن.

ئەو هێزە عێراقیانەی هاوپەیمانی ئێرانن، کە بەهیوای ئەوە بوون هاوسەنگیە سیاسیەکانی هەرێم بە قازانجی یەکێتی، لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بگۆرن، بەڵام سەرکەوتوو نەبون، بۆیە رەنگە دوای شکستی هەوڵەکەیان، بەنیازی ئاڵۆزکردنی پێکهێنانی حکومەت بن لە هەرێم، تا رێگری بکەن کەجارێکی تر پارتی لە دەسەڵاتدا جێگیر نەبێتەوە.

ئەم گۆرانکاریە جۆراوجۆرانەی کە لەلایەن یەکێتیەکەی تاڵەبانیەوە داواکرابوو، هیوای دەخواست هاوکاربێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی هەڵبژاردنێکی جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بۆئەوەی بتوانێت رەوتی حوکمرانی بگۆرێت، بەو دروشمەی کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا بەرزیدەکردەوە.

سەختی پرۆسەکەش لەوەدایە کە بەشداری هەردوو پارتی و یەکێتی لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا، ناچاریەکی دۆخی سیاسی هەرێمە، ئەمەش چۆن ساغ دەبێتەوە ئاکامەکەی لە ئێستادا رۆشناییەک نیشان نادات .

بازنەی سیاسی عێراق بەگشتی ترسی ئەوەیان هەیە کە تاڵەبانی و یەکێتی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی دوای ئەم هەڵبژاردنە بەجۆرێک لە هەرێم ئاڵۆزتر بکات، بەوەی کە ئیمتیازاتێک زیاتر لە قەبارەی خۆی داوابکات، بە بەرزکردنەوەی سەقفی داواکاریەکانی و خستنەرووی مەرجی مەحاڵ بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا. بۆیە پێشبینی دەکرێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم ماوەیەکی زۆر بخایەنێت و رەنگە دۆخێکی نوێ بسەپێنێت.

تونی نێوان پارتی و یەکێتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا زۆر تیژ بوو، ئەگەر ئەم دۆخە هەروا بمێنێتەوە، کە تائێستا ئەوەی پێوە دیارە، وەک رەتکردنەوەی "هەژماری من" و قسەکردن لەسەر رێگەنەدان بە حکومەتی تاکرەو.... ئەوە مانای ئەوەیە کە پارتی دەبێت لەجیاتی یەکێتی بەدوای هێزی دیکەدا بگەرێت کە هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات.!

ئەمەش دۆخێکی تەواو نالەبار دەخولقێنێت.

واتە ئەگەر ئەمە روویدات، مەترسی دیکە سەرهەڵدەدەن کە بۆشایی نێوان سلێمانی و هەولێر فراوانتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی درز و شکاندنی پێکهاتەی حکومەتی هەرێم، دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی حکومەتی عێراقی لە ئاستی ناوچەکەو تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا.

مەسعوود بارزانی، دوای دەرەنجامە سەرەتاییەکان وەک سەرکەوتوویەک لە هەڵبژاردنەکاندا، پابەندبونی خۆیان بە پێشخستنی گوتارێکی میانرەوانە، لەکرانەوەی بۆ هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسیە جیاوازەکانی هەرێم بۆ پێکهێنانی حکومەت راگەیاند، بەڵام هاوکات تاڵەبانی تائێستا ناروونی هەڵوێستی خۆیانی پاراستوە و قسەیەکیان لەسەر هەڵوێستەکەی بارزانی نەکردوە، بەردەوامن لە بەرەوپێشبردنی هاژوهوژی سەرکەوتنەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا، سەرەرای ئەوەی ژمارەی کورسیەکانیان پێچەوانەکەی نیشان دەدەن

لە کۆی ١٠٠ کورسی پەرلەمان، ٣٩ کورسی بارزانی، ٢٣ کورسی تاڵەبانی، بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی نەوەی نوێ بۆ پلەی سێیەم بە ١٥ کورسی، باقی کورسیەکان بەسەر لایەنەکانی تردا دابەشکران، هەروەها یەکێک لە دیاردەی سەرسورهێنەری ئەم هەڵبژاردنە لەدەستدانی کورسیەکانی بزووتنەوەی گۆرانە کە چاوەروانکراو بوو، ئەمەیە کە پێشوەختە ئەنجامەکانی

هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی خستە ناو شێوازێکی تر لە گێژاوی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، چونکە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ئاسۆی دۆخی سیاسی هەرێمدا نیشان نەدا، یەکەم: بەپێچەوانەی ئەو بانگەشانەی کە ئۆپۆزیسیۆن دەیان کرد بۆ کۆتایی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردن پێچەوانەکەی نیشاندا. دووەم: بەوپێیەی بارزانی و تاڵەبانی وەک دوو لایەنی سەرەکی زۆرینەیان بەدەست نەهێنا، تا لایەنێکیان بتوانێ حکومەت پێکبهێنێت، مەگەر پێکهێنانی حکومەت دوبارە بە ڕێکەوتنی نێوانیان یان لەنێوان یەکێکیان و لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا ڕێکخەنەوە! بەوپێیەی بارزانی جگە لە هاوپەیمانی لەگەڵ تاڵەبانی هیچ بەدیلێکی نییە، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو قورس و ئاڵۆز دەبێت و کاتێکی زۆری دەوێت.

هەڵبەتە ئەو لایەنە بچووکانەش ڕۆڵی گەورەیان نابێت لە پێکهێنانی حکومەتدا، چونکە کورسیەکانیان کەمە و ئەو کورسیانە هاوکاری بارزانی و تاڵەبانی نابن بۆ پێکهێنانی زۆرینە کە بتوانن حکومەتی داهاتوو پێکبهێنێت، واقیعی کوردستانیش بەجۆرێک پێشهاتووە کە حکومەت هەر بەسەر بارزانی و تاڵەبانیدا دەسەپێت، کە ئایا حکومەت پێکدەهێنن یان نا، تەنانەت ئەگەر هەریەکەیان توانای ئەوەی هەبێت کە زۆرینە کۆکاتەوە، بەڵام ناتوانێ حکومەتێک بێت لە تەواوی جوگرافیای هەرێمدا ڕاوەستێت و دەسەڵاتی بەسەر تەواوی هەرێمدا بسەپێنێت.

ئەوەی لەم کەینوبەینەدا جێگای سەرنجە پێگەی نەوەی نوێیە لەم هەڵبژاردنەدا، ڕاستە وەک لایەنی براوەی سێیەم هاتۆتەپێشەوە، بەڵام لە حاڵەتێکی تەواو ناکۆک و سەرەگێژیدایە، کە ڕوون نیە چۆن مامەڵە بە کورسیەکانیەوە دەکات، چونکە گەر بەشداری لە حکومەتدا بکات، پێگە و نفوزی کۆمەڵایەتی تەواوی دادەبەزێت، هەر هەوڵێکی بزووتنەوەی نەوەی نوێ بۆ پەیوەستبوون بە حکومەتەوە، هاوتای خۆکوشتنی سیاسی دەبێت بۆ ڕێکخراوەکەی، هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ڕوویدا، گەر بەشداریش نەبێت دەبێتە لایەنێکی هیچکارە و ناتوانێ ئۆپۆزسیۆنێکی سەرکەوتوبێت.

ئەوەش ئاشکرایە هیچ یەکێک لە بارزانی و تاڵەبانی بەقازانجیان نیە ڕوو لە ئۆپۆزسیۆن کەن، ئەستەمە حکومەت بەڕێگەی ئۆپۆزسیۆن پێکبهێنرێت بەدەرکردنی یەکێکیان. بۆیە پرۆسەی دانوستان بۆ پێکهێنانی حکومەت لە هەرێم ماوەیەکی زۆری دەوێت.

هەرچەندە یەکێتی هاوبەشێکی سەرەکی بوو لەگەڵ پارتی لە حکومەتی پێشوودا، بەڵام وەک نەیارێکی بەهێز خۆی نیشانداو بەشێوەیەکی توند هێرشیان کردە سەر ڕکابەرەکەی، بەوپێیەی تاڵەبانی بانگەوازەکەی بۆ دەنگدەران دووباتکردەوە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی پارتی لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نائومێدکەر بوون بۆ یەکێتی، دوای ئەوەی بارزانی دوو هێندە دەنگی تاڵبانی بەدەستهێنا.

پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەرێم بەرەو پشێوی و دۆخێکی دژوار هەنگاو دەنێت، چونکە ئەگەر حکوومەتی داهاتوو لەلایەن هەردوو بارزانی و تاڵەبانی نوێنەرایەتی نەکرێت، ئەوە بابەتەکە ئاڵۆز دەبێت و وادەخوازێت کە پێویست دەکات بارزانی، ئیمتیاز بدات و نەرمی نیشان بدات بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەتێک پێکبهێنێت تا ئیختیارێکی بەهێزی هەبێت کە بتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکات و مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات، گەر وەها نەکات ئەو مامەڵەیە لەگەڵ بەغدا، پێگەی پارتی دەباتە دواوە.

ئەم دۆخەی ئێستا لەکێشەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا، دیاردەی ڕوودانی گۆڕانێکی بێپێشینە نیە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ واقعی ئەو قەیرانە ئابوری و سیاسیەی کە حکومەتی هەرێم و بارزانی و تاڵەبانی لەچوارچێوەی کێشەکانیان لەبەرامبەر نارەزایەتی خەڵکی کوردستان و فشارەکانی حکومەتی عێراقدا بەرەورووی بوون، کە بێدەسەلات و بێچارە ڕاوەستاون، دووساڵ دواخستنی هەڵبژاردن، کێشەکانی بودجەو موچەی فەرمانبەران، فشارەکانی بەغداو ناچارکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سنورەکان لەلایەن بەغداوە، ئامادەنەبون یان نەتوانینی وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵک لە پێداویستی و خزمەتگوزاریەکان و دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان، تادەگات بە ململانێکانی نێوان خۆیان وەک دوو دەسەلات لە زۆنی جیاوزدا، لەهەمانکاتدا ئاڵۆزی و بارگرژی دۆخی سیاسی ناوچەکە، ناتوانێ نیشاندەری ئاسۆ و ئایندەیەک بن، کە لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستای ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا، کە حکومەت پێکبهێنن یان پێکنەهێنن، دەتوانن دابینی ئارامی لە هەرێمدا بکەن، واتە نەک کاریگەریان نابێت لەسەر کۆتایی نائارامی و ناجێگیری و گێژاوی سیاسی لە کوردستاندا، بەڵکو بەردەوامی هەمان ڕیسوایی و شەرمەزاری چۆنیەتی حکومڕانی و بەڕێوەبردنی سیوسێ ساڵەی کۆمەڵگەدا ئەوە دوپات دەکەنەوە کە خۆشیان هۆکارێکی بێوێنەن لە بەرجەستەکردنەوەی نائەمنی و نائارامی و ستەم و چەوسانەوەو بێکاری بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، نیشاندەری گەورەترین نمونەی بەرگریکارو ڕاگرتنی کۆمەڵگەیەکی نایەکسانن.

# پلینۆمی (٣٠) کۆمیتەی ناوەندی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا!

ڕۆژانی ١و٢ ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی و هاوڕێ سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و بەشداری چەند میوان پلینۆمی (٣٠)یەمی خۆی بەست.

سەرەتا پلینۆم بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی دەستی پێکرد و دواتر هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، وتاری دەستپێکردنی پلینۆمی پێشکەش کرد. پاشان دەستوری بەڕێوەچونی کۆبونەوەکان و باسەکانی پلینۆم پەسەندکرا کە بریتی بوو لە:

١/ ڕاپۆرتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکانی حیزب لە نێوان دوو پلینۆمدا

٢/ توندبوونەوەی فەزای جەنگ لە ناوچەکە

٣/ کارمان لەمەیدانی مەسەلەی ژناندا

٤/ دۆخی سیاسی کوردستان دوای هەڵبژاردن

٥/ شێوەکار و کاری ڕێکخستنی حیزبی

٦/ بۆچونێکی تر لەسەر تەبلیغاتی حزب لەسەر هەڵبژاردن

٧/ بریار و بریارنامەکان

٨/ هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی

**١/ ڕاپۆرتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی ئۆرگانەکان:**

سەرەتا هاوڕێ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، لەقسەوباسێکدا، لەسەر حەرەکەتی گشتی حیزب ڕاوەستا و ئاماژەی بەو مەیدانانە کرد کە هەڵسورانی حیزب و ئۆرگانەکان تێدا پێشڕەویان کردووە و پاشان پەنجەی لەسەر لاوازیەکانی کاری حیزب و ئەو بەربەست و گرفتانەی کە لە کاری ئەم دەورەیەی حیزبدا سەریان هەڵداوە، دانا و لە کۆتاییشدا چەند پێشنیارێکی لە ڕاستای برەودان بە مەیدانەکانی کاری حیزب و کارکردن بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان خستەبەردەم پلینۆمەوە. بەدوای ئەودا پلینۆم ڕێگای کردەوە بۆ قسەوباسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر سەرجەم ڕاپۆرتەکان کە پێشتر بە نوسراو خرابوونە بەردەستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەشداربوونی پلینۆمەوە، پاش سەرنجدان لەلایەنە جیاجیاکانی کاری ئۆرگانەکان و هەڵسەنگاندنیان، پلینۆم وێرای ئەوەی کە کاری ئەم دەورەیەی حیزبی ڕوولەپێش هەڵسەنگاند، هاوکات لەسەر خاڵە لاوازەکانی کاری ئەم دەورەیە ڕاوەستا و لەبەرامبەریاندا، چەندین بڕیاری بۆ پەسەندکردن گەڵاڵەکردەوە.

**٢/ توندبوونەوەی فەزای جەنگ لە ناوچەکە:**

ئەم باسە لەلایەن هاوڕێ موحسین کەریمەوە پێشکەش کرا کە لێکدانەوەی بۆ دۆخی ناوچەکە و فاکتەرەکان و ئەگەرەکانی توندبونەوەی فەزای جەنگی لە ناوچەکەدا کرد لەبەر ڕۆشنایی توندبوونەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان و هەرەشەکانی لە فراوانکردنەوەی جەنگ لە ناوچەکەدا و هەروەها دەوری ئێران و گرووپە ئیسلامیەکانی سەر بە ئێران لەو فەزا جەنگیەدا ڕوونکردەوە. ئەم بابەتەش لەلایەن ئامادەبوانەوە قسەوباسی گەرموگوڕی لەسەرکرا و پێداگری لەسەر ئامادەکردنی نەخشە و هەنگاوی عەمەلی پێویست لەوبارە کرا.

**٣/ کارمان لە مەیدانی مەسەلەی ژناندا**

ئەم باسە لەلایەن هاوڕێ سەوسەن سەلیم و هاوڕییانێکی ترەوە پێشکەش کرا و ئاماژەیان بەو هەنگاو و هەوڵانە کرد کە لەلایەن هەڵسوڕاوانی یەکسانیخوازی ژنانەوە دەستی پێکراوە بە ئامانجی دروستکردنی ڕێکخراوێکی خەباتکارانەی ژنان کە بۆ ڕێکخراوکردنی ژنانی یەکسانیخواز و ناڕازی بە ستەم و چەوسانەوە لە دژی ژنان تێبکۆشێت بە ئاراستەی بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو. پلینۆم پێشوازی گەرمی لە باسەکە و هەوڵەکانی هەڵسوڕاوانی ژنان کرد و پشتیوانی خۆی بۆ ڕاگەیاندن.

**٤/ دۆخی سیاسی کوردستان دوای هەڵبژاردن:**

سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵبژاردن ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی لە پێکهاتەی دەسەڵات و دۆخی سیاسی کوردستاندا پێک نەهێناوە. دەسەڵاتیش هەمان پێکهاتەی میلیشیایی پارتی و یەکێتی دەمێنێتەوە، هاوکات باسی لەوەش کرد کە لەسایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا و کاریگەری دۆخی سیاسی ناوچەکە لە ئاکامی قەیرانی ئابوری و ناکۆکیەکانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و کێشەکانی نێوان خۆیان و بەردەوامی لە وەڵام نەدانەوە بە خواستەکانی خەڵک و توندبونەوەی فەزای جەنگی، ئەگەری تێکچوون و خراپبوونی باری ژیان و گوزەرانی خەڵک زیاتر دەکات.

**٥/ شێوەکار و کاری ڕێکخستنی حیزبی**

لەم بەشەی قسەوباسەکانی پلنۆمدا، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد باسی لە مەسەلەی شێوەکار کرد لە بواری ڕێکخستنی حزبی و کۆمۆنیستیدا و پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە ئەو گرفت و ڕێگریانەی

وایکردوە حزب لەباری ڕێکخستنەوە پێشرەوی جدی و بەرچاو نەکات، هۆکارەکەی مانەوەی شێوەکاری چەپی غەیرەکرێکاریە لە مەیدانی ڕێکخستندا. ئەمەش بە نۆرەی خۆی ڕەنگدانەوەی سیاسەت و شێواز و هەڵسورانی سیاسی حزبە....

جێگای ئاماژەیە باسەکەی ڕێبوار ڕەخنە بوو لە شێوازی کارکردنی حزب لە بواری ڕێکخستندا کە قسەوباسێکی گەرمی دروستکرد و پێداگری لەسەر ئەوە کرا کە ئەو ڕێوشوێن و هەنگاوانە دەستنیشان بکرێن کە دەتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە لە شێوەکاری حزبدا مەیسەربکات.

**٦/ بۆچونێکی تر لەسەر تەبلیغاتی حزب لەسەر هەڵبژاردن:**

ئەم بابەتە لەلایەن هاوڕێ خەسرەو سایەوە پێشکەش کرا و ئاماژەی بەشێوازی پڕوپاگەندەی حزب کرد لە پەیوەند بە هەڵبژاردن و بەڵگەو پاساوەکانی بۆ داواکردن لە خەڵک کە بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن. هاوکات هاوڕێ خەسرەو لە قسەوباسەکانیدا، هەڵبژاردنی وەک مەیدانێکی تاکتیکی بۆ دەخاڵەت و ئیبرازی حیزب و خستنەڕووی بەرنامە و پلاتفۆرمی داخوازیەکانی جەماوەر و ناساندنی بە کۆمەلگا تەئکید لێکرد و لە کۆتایشدا ئەو بنەمایانەی ڕۆشنکردەوە، کە حیزب دەبێ بۆ بڕیاردان لەسەر بەشداریکردن و نەکردنی کۆمۆنیستەکان لەهەر هەڵبژاردنێکدا بەدەستیەوە بگرێ. باسەکە بەدوای قسەوباسی چڕوپڕی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بەو ئاقارەدا ڕۆیشت کە پرسی بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت و لەکاتی خۆیدا لێکدانەوە و هەڵوێستێکی دروستی حزبی لێدەربکێشرێت.

**٧/ بڕیارو بڕیارنامەکان:**

لە بەشی بڕیار و بڕیارنامەکاندا، چەندین بڕیار پەسەندکران سەبارەت بە چۆنیەتی عەمەلیکردنەوەی ئەو سیاسەتانەی کە لەباسەکانەوە دەبێت دەربکێشرێن و هەروەها هەنگاوی پێویست بە ئاڕاستەی بەهێزکردنی حزب و بردنەسەری توانایەکانی لە مەیدانی سیاسی و دەرکەوتنی وەکو هێزێکی کاریگەری ئۆپۆزیسیۆنی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕ کە قابیلی ئەوەبێ خەڵکی کوردستان و کرێکار و زەحمەتکێش وەکو هێزێکی سیاسی متمانەی پێبکەن و لە ڕەوتی خەباتیاندا بۆ گۆڕانکاری لە ژیان و گوزەرانیاندا لەپاڵیدا ڕاوەستن..

**٨/ هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی:**

لەم بەشەی بەرنامەی کارەکانی پلینۆمدا هاوڕێ عوسمانی کە بریتین لە هاوڕێیان: خەسرەو سایە، دەشتی جەمال، ئازاد مەجید، عبدللە محمود، موحسین کەریم، فوئاد صادق، جەمال موحسین، ڕێبوار ئەحمەد، شاباز محمود، ئالان مەعروف، وەستا مەهدی ڕەسول و ڕێبوار عارف.

پلنۆم بەدوای دوو ڕۆژ لە قسەوباسی چڕوپڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

بەدوای تەواوبونی کارەکانی پلنۆم، مەکتەبی سیاسی لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا هاوڕێ خەسرەو سایەی وەک سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد و دەستەیەکی کارگێڕی لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حیزب، لەنێوان دووکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا دیاریکرا.

**مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٦/١١/٢٠٢٤**

---

لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.


ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 0044(0)7394013135

واتس ئەپ: 0044(0)7394013135

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر


ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :

عوسمانی حاجی□ارف

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرە□ سایە

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جە□ال

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

جە□ال□وحسین

0047(0)47276028

Email:skrtariati.ms@gmail.com

# چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی مانگانەی کۆمۆنیست، لەگەڵ محەممەد عەلووش، ئەندامی دامەزرێنەری "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین"

محەمەد عەلووش، ئەمینداری گشتی سەندیکای خەباتی کرێکارانی فەلەستین وسکرتێری ئۆفیسی سیاسی بەرەی خەباتی خەڵکی فەلەستینە. ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین"، کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا لەراگەیاندنێکدا پێکهاتنی خۆی بەبەشداری دەیان ڕێکخراوی کرێکاری لەعێراق، کوردستان، تونس، لیبیا، میسر، مەغریب و.. ڕاگەیاند. ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنێکە لەبارەی "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین"ەوە و بەپێویستمانزانی خوێنەرانی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەری لێ ئاگاداربکەینەوە. چاوپێکەوتنەکە لەزمانی فارسیەوە وەرگێردراوە.

بڵاوکراوەی مانگانەی کۆمۆنیست: سەرەتا بەبۆنەی گرتنەبەری هەنگاوێکی گرنگ کە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کرێکارییە، پیرۆزبایی لە ئێوە و هەڵسوڕاوانی دیکەی ئەم دامەزراوە و سەندیکا و ڕێکخراوە و حیزب و کەسایەتییە دامەزرێنەرەکان دەکەم. ئایا دەتوانن بۆ خوێنەرانی بڵاوکراوەکەمان ڕوون بکەنەوە کە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم بەرەیە چۆن هاتوتە ئاراوە و بنەماو پێویستیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دامەزراندنی چین و چۆن ئەم پرۆسەیە بە کردەوە بەرەوپێشەوە چووە؟

محەممەد عەلووش: سوپاستان دەکەم هاورێیان، زۆر بە شانازییەوە سوپاسی ئێوە و "بڵاوکراوەی کۆمۆنیست" دەکەم، ڕێگام پێبدەن با سڵاو و پێزانینی خۆم بۆ هەموو هاورێیانم لە حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) دەرببڕم.

سەبارەت بە دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین، ئەم بیرۆکەیە کە لە بەرپرسیارێتی و خولیای ژمارەیەک لە هاورێیانی چەند حیزب و ڕێکخراوەی کرێکارییەوە سەرچاوەی گرتووە و دواتریش سەرکەوتوو بووین لەبەرجەستەکردنەوە و چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیە بە دامەزراندنی بەرەیەک کە هاوپەیمانییەکی فراوان بۆ پشتیوانی لە دۆزی فەلەستین لەخۆبگرێ و شانبەشانی خەڵکی فەلەستین و چینی کرێکاری خەباتگێر، ئەحزاب و سەندیکا و دامەزراوەکانی لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، لەوانەش هەڵسوراوانی کرێکاری و حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) سازبدەین.

لەپێکهێنان و دامەزراندنی ئەم بەرەیەدا "بەرەی یەکگرتووی کرێکارانی ڕۆژهەلات بۆ داکۆکی لەخەڵکی فەلەستین" نوێنەرانێکی کرێکاری لەعێراق، کوردستانی عیراق، میسر، لوبنان، مەغریب، جەزائیر، مۆریتانیا، ئوردن، سودان و لیبیا و ڕێکخراوە هاوبەشەکانیان، بەشدارن.

پێکهاتنی ئەم بەرەیەش لە باوەڕێکی پتەوی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت کە هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە بەبێ تیۆری شۆڕشگێرانە، بونی نییە و نە چینی کرێکار و نە هەر ڕێکخراو وسەندیکایەکی شۆڕشگێر و پێشکەوتنخواز بەبێ تیۆری شۆڕشگێرانە دەتوانێ بوونی هەبێت و لەسەر بنەمای ئەمەش دیدگای خۆمان بۆ دامەزراندنی ئەم بەرەیەو نوێنەرایەتیکردنی چینی کرێکار و گشت کرێکاران، بەدەستەوە گرت. ئێمە بەپێی تێگەیشتنمان لە مارکسیزم ئەم بەرەیەمان بنیاتناوە، کە بە میتۆد و شیکردنەوە و تیۆرێک بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی دەزانین، چونکە چینی کرێکار لەڕووی مێژووییەوە بڕیاری لەدەستدایە تا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو نەهێشتنی سیستەمی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ببات و هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی چینایەتی و لەناوبردنی هەلومەرجی مادی، کە خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، ڕێبەری بکات.

ئێمە لەسەر فۆرم و ناوەڕۆک و ناسنامەی ئەم بەرەیە گەیشتوینەتە ڕێکەوتن و لەسەر بنەمای بەهێزکردنی لایەنە هاوبەشەکانی نێوان ئەندام و دامەزرێنەرانی بەرەکە هاوراین. لەم راستایەشدا ئێمە لەرێگەی بەیاننامەی دامەزرێنەرەوە دەستمان بە کارەکانی بەرەکە کردوە و دواتر ئۆرگانەکانی بەرەمان لەوانەش ئەنجومەنی ناوەندی و سکرتاریەتی گشتی وەک نوێنەری بەرەکە هەڵبژارد.

ئێمە پێمانوایە پێکهێنانی ئەم بەرەیە بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین و ئامانجە عادیلانەکەی، زۆر گرنگە، جگە لەوەش ئەم بەرەی کرێکاریە هەڵگری ئامانجە نێو دەوڵەتییەکانە لەراستای کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی چینی کرێکار لە جیهاندا لەسەر بنەمای ڕوانگەیەکی چینایەتی و خەباتکارانە لەدژی ئیمپریالیزم، بۆ مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ یەکسانی و ئازادی.

وەک هەمووتان دەزانن، هێزە چەپەکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕۆڵێکی مێژووییان هەیە لە سەرکردایەتیکردنی خەباتی نیونەتەوەیی چینی کرێکار و

هەموو زەحمەتکێشانی تردا، ئەم هێزانە هێشتا لە هەوڵی نوێکردنەوە و پەرەپێدانی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاریدان بە ئاراستەیەکی دروست لە دژی سیاسەتە مۆنۆپۆلیەکانی ئیمپریالیستیەکان، کە لەسەر بنەمای چەوسانەوەیەکی قێزەون پشتیان پێبەستراوە و لەم سەردەمەشدا ڕۆڵی هێزە چەپ و کرێکاری و پێشکەوتنخوازەکان زیاتر دەبێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ نوێکردنەوەی چالاکییە هاوبەش و یەکگرتووەکانمان لەدژی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. ناوچەگەرایی و تائیفەگەرییەک کە دەوڵەتانی کۆنەپەرستی عەرەبی بە پاڵپشتی ئایینی و کۆمەڵایەتی هێزە توندڕەوەکان، چالاکانە لەهەوڵدان بۆ برەودان بەدۆخی تێکەولیکە و ئاژاوەگێڕی و ئەمەش پاساوێکە بۆ دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکییەکان و بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی، کوشتنی ڕۆحی نەتەوەیی، ئەمەش لەڕێگای هەڵگیرسانی ناکۆکی و ڕق و کینەی تائیفی، درێژەدان بە هەژاری خەڵکەکەمان، تێکدانی ژێرخانی کۆمەلایەتی، زیادبوونی بێبەشی و هەژاری، هێنانەخوارەوەی ئاستی بژێوی و باری تەندروستی، ستانداردە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، هەروەها قەدەغەکردنی مانگرتن، ئازادی کاری سەندیکا و سیاسی، و ئازادی بیروڕاو و دەربڕین.

**بڵاوکراوەی مانگانەی کۆمۆنیست: لەڕووی مێژووییەوە کێشەی خەڵکی فەلەستین و ئەو بێمافی و تاوانکاریەی بەرامبەریان دەکرێ، بۆتە دەستمایەی سودلێوەرگرتنی خراپی دەولەتانی دونیای عەرەب و بۆ مامەڵە پێکردن و بەدەستهێنانی ئیمتیازات لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئاڵای فەلەستینیان بەدەستەوەگرتووە، کەچی هەرئەم دەولەتانە خۆیان بونەتە بەربەست لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی فەلەستین. "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین" تا چەند دەتوانێت بە کردەوە ببێتە جەمسەرێکی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین کە هەر خۆیان خاوەنی دۆزی فەلەستینن؟ ئایا ئەم ڕوانگەیە و داهاتوویەکی لەم شێوەیە مومکینە؟**

**محەممەد عەلووش:** هەوڵەکانمان بە ئامانجی یەکخستنی چینی کرێکارە لە ناوچەکە و جیهاندا، بۆ کۆتاییهێنانە بە دڕندەیی و تاوانەکانی جەنگ و جینۆساید و ئەو پاکتاوکردنە نەتەوەییەی کە ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین، لە ناوچە داگیرکراوەکاندا، بەتایبەت لە کەرتی غەززەدا دەستی بۆبردووە. هەروەها ئێمە هەوڵدەدین بۆ فشار خستنەسەر لایەنگرانی جیهانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و بەرگریکردن لە ژیان و ئازادی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین و مافی ڕەوای عادیلانەیان لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری، بەڕێگای جیاواز. ئێمە چالاکانە بەکەلکوەرگرتن لە کەرەستەی بەردەست لە خەباتدا هەوڵدەدەین بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی تەواوەتی خەڵکی فەلەستین و شکست پێهێنانی داگیرکاری و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستین کە قودس پایتەختی بێت...

بەشێکی گرنگی پرۆژە فراوانترەکەمان لەپێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کرێکاران، هەوڵدانمانە بۆ یەکخستنی چینی کرێکار لەدژی چەوسانەوە و دڕندەیی سیستەمی سەرمایەداری، بۆ درێژەدان بە خەباتی هاوبەشی کرێکاران لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و مرۆڤدۆستانە، بۆ ژیانێکی باشتر، بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا، بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرە جیاکارییەکی نەتەوەیی و ئایینی و بۆ ئاشتی و ئاسوودەیی و ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندنی دڵخواز بۆ هەموو خەڵکی جیهان. ئێمە هەوڵدەدەین بۆ بە هێزکردن و یەکگرتووکردنی کرێکاران و بە هاوکاری هەموو ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار، سەربەخۆ لە دەوڵەتانی ناوچەکە وجیهان، هێزی چینی کرێکار، بەپتەویی هەڵوێستەکانی و مەحکەمکردنی ئەزموونی ماندوونەناسانەی ئەم چینە، لەنێو خەڵکی موتەمەدین و ئاشتیخواز و خەباتکارانی ئازادی ودیموکراسی و پێشکەوتوخواز لە جیهاندا بەرجەستەبکەینەوە.

ئێمە بەهەموو ئەم هاودەنگیە جیهانی و کرێکارییە، بە تایبەت لەگەڵ ئامانجی عادیلانەی دۆزی فەلەستین و خەڵکی ئازادیخوازی جیهاندا کە لەکەنار فەلەستینیدا ڕاوەستاون و کەوتونەتە بەردەم دڕندانەترین شێوەکانی دەستدرێژیەوە لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە، متمانەی زۆرمان هەیە کە بێگومان ئەم خەباتە درێژەی دەبێت و دەبێتە هۆی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کرێکاری و خەباتێک لە سەرانسەری جیهاندا لەبەرامبەر جەنگە ناعادیلەکان ورەتکردنەوەی ئەو هەژموونی و ستەمکارییەی بەسەر هەموو خەڵکەکەماندا سەپێنراوە، کۆتایی بە بێمافی و ئازارەکانیان دەهێنێت و ئەمەش یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی کە بەرەی کرێکاری لەسەری بنیات نراوە و ئەمەش واقیعی ئاراستەکانی ئێمە وبەرەی خەباتی خەڵکی فەلەستینە و لە یەکێتی خەباتی کرێکارانی فەلەستیندا ڕەنگدەداتەوە. ئێمە ئاڵای خەباتێکی هاوبەشی جیهانی و چەسپاندنی ئایندەیەکی هاوبەش بۆ مرۆڤایەتیمان هەڵگرتوە.

**بڵاوکراوەی مانگانەی کۆمۆنیست: ئەم دامەزراوەیە چ ئامانجێک یان ئامانجگەلێکی لەبەردەم خۆی داناوە و چ ڕێگایەکی سیاسی و عەمەلی چ لەسەر ئاستی کرێکاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و چ لەسەر ئاستی جیهانیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەگرێتەبەر؟**

**محەممەد عەلووش:** بەرەی یەکگرتووی کرێکاری لە ناوجەرگەی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتیدا سەریهەڵداوە تا خەبات

لەم پێگە میحوەرەیەوە ڕابەری بکات و بە ڕوونی گوزارشت بکات لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و هیوا و ئامانجەکانی کرێکاران و خەڵکی خۆمان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنوسیان. وە لەجەرگەی خەباتێکی عادیلانەدا مەحکەمتر بێت، تا خۆی وەک پێشەنگی هۆشیاری چینی کرێکار، بگرێتەبەر، ئەم ڕێبازەش لە بیری زانستی دیالەکتیکییەوە وەرگیراوە کە توانای لێکهەڵپێکانی بابەتیانەی یەکێتی نێوان تیۆری و پراکتیکی هەیە، و هەمیشە وەک بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و خەباتگێڕ، بەهێز و سەرسەخت بۆ ئازادی، پێشکەوتن، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی و مافەکانی خەڵک، لە بەدیهێنانی چارەی خۆنووسین، بەدیهێنانی دیموکراسی و سۆسیالیزم وەک هەڵبژاردەیەکی مێژوویی بۆ داهاتووی هەموو مرۆڤایەتی، لەخەباتدایە.

ئەزمونە مێژووییەکان پێویستی هاودەنگی و خەباتی هاوبەشمان فێردەکات تا هەنگاو بەرەو دروستکردنی بەرەیەکی بەهێز و هاوبەش لەگەڵ هێزی کرێکار و ڕێکخراوەکان هەڵگرین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەوسانەوە، گەندەڵی، سیاسەتی بەتایبەتکردن و ڕەوتی نیولیبراڵ کە بە میکانیزمەکانی ئابووری بازاڕی سەرمایەداری کۆنترۆڵ نەکراون. تالانکردنی سامان و بەفیڕۆدانی وزەی مرۆڤ و ئەو نایەکسانیە گەورەیەی کە دابەشکردنی ساماندا هەیە، هەروەها زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و بڵاوبوونەوەی هەژاری ئەم هەولەی ئێمەی پشتراستکردەکاتەوە. .

ئەوە تەنیا چینی کرێکار نییە کە بەدەست چەوساندنەوەی چینایەتی بۆرژوازی و ستەمگەری سەرمایەدارییەوە دەناڵێنێت، بەڵکو هەموو توێژە زەحمەتکێشەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش لەم ئازارانەدا هاوبەشن و ئەمەش وایکردووە کە ئەم توێژ و گروپانە بەشێوەیەکی بابەتیانە خۆیان بەهاوپەیمانی چینی کرێکار بزانن. وە هەرکاتێکیش هەلومەرجی ئەم کارە دابینکرا و بەشێوەیەکی سەرەکی هەلومەرجی زهنی چینی کرێکار کە ڕێکخراوەکانیەتی، لەبەرامبەر چەوسانەوە و سەرکوتگەری سەرمایەداریدا یەکگرتوو ببن، ئەوا ئەمانیش لەگەڵ چینی کرێکرادا یەکگرتوودەبن. بەهەمانشێوە ئێمە بەرەکەمان لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە قوڵە بنیات دەنێین و دیاریکردنی ئەرکەکان و هەوڵە هەماهەنگەکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو تەحەددیاتەکانی دەوروبەرمان پێکهێناوە.

**بڵاوکراوەی مانگانەی کۆمۆنیست: زیاتر لە ٢٣ دامەزراوە و سەندیکا و یەکێتی کرێکاریی وحیزب و ڕەوتی سیاسی لە دامەزرێنەرانی ئەم بەرەیەدان ، زۆربەیان خەڵکی جیهانی عەرەبین وەک فەلەستین، تونس، میسر، ئوردن، عێراق، مەغریب، لیبیا، سودان و.. . ..تا ئێستا کاریگەریەکانی ئەم هەنگاوتان لەنێو چینی کرێکار ناوچەکەدا چی بووە و چ ئاسۆیەکتان بۆ گێڕانی ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیە لە یەکخستنی چینی کرێکار لە ئاست ناوچەکە و جیهاندا لەبەرچاوە؟**

**محەمەد عەلووش:** بەرەی کرێکاری لەم قۆناغەدا لە هەلومەرجێکی ناوازەدا پێکهاتوە، لەسەردەمێکدا کە بەشەریەتی موتەمەدین لەجیهاندا، هەڵوێستی پرەنسیپی خۆی لە ڕەتکردنەوەی تاوان و دڕندەیی و داگیرکاریەک کە ئیسرائیل دەستی داوەتێ، دەربڕیوە، لەکاتێکدا کە جەماوەر بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بەشداریان لەخۆپیشاندانە بەرفراوانەکاندا کردوە و کرێکاران و چالاکوانانی نێودەوڵەتی لە پایتەخت و شارە جیاوازەکانی جیهان بۆ پشتیوانی لە دۆزی عادیلانەی فەلەستین و خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین و لەدژی جینۆساید و تاوانە جەنگیەکان و هێرشێک کە دەوڵەتی فاشیستی و تیرۆریستی ئیسرائیل دەستیداوەتێ هەروەها لەدژی ئەو یاریەی کە وڵاتانی کۆنەپەرست و خۆسەپێنی ناوچەکە و جیهان پەیڕەوی لێدەکەن، هاتونەتە مەیدانەوە و بێزاری خۆیان لە حکومەتی فاشیست و تیرۆریزمی ڕێکخراوی و ناژادپەرست بەتورەیی ڕاگەیاندوە.

چینی کرێکار و هەموو بێبەشان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و مەغریب و لە هەموو نەتەوەکان و هەموو مەیلە پێشکەوتنخواز و دیموکراسی و سەربەخۆکان، بەشێکی پێویست و گرنگ و کاریگەرن لە بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی و پێکەوە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆستەکان لە جیهاندا، ئەرکی خۆیان بەپشتگیریکردن لەخەڵکی فەلەستین تا سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئازادی و کەرامەتی مرۆیی بۆ خەڵک و کرێکارانی فەلەستین کەبەشێکن لێی، بەرەوپێشەوە دەبەن.

ئێمە بە هەنگاوی دڵنیاوە و لەڕێگەی ئەم بەرە تازە دامەزراوەوە لە قۆناغی داهاتوودا بەردەوام دەبین لەڕاستای پەیوەندیکردن و مەحکەمکردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی تردا درێژە پێدەدەین، لەگەڵ ئەوانەدا کە هاوتەریبین لەگەڵ دیدگا و بەرنامەکانمان و ئەو ئامانج و ئاواتانەی کە هەمانە. تا ئەو شوێنەی کە ئێمە دەمانەوێت ئەم بەرەیە بەردەوام بێت و گەشە بکات و ببێتە بەرەیەکی کرێکاری جیهانی. سەرەڕای هەڵوێستی ئسوڵی و یەکلاکەرەوەمان بەرامبەر بە دۆزی فەلەستین و هەموو پرسە عادیلەکانی دیکەی وەک پرسی خەڵکی کورد و پرسەکانی خەڵکی دیکە کە لە مێژوودا بەدەستیەوە نالاندوومانە، بابەتگەلێکی تریش دەکەوێتە بەرنامەی کارمانەوە.

# هەڵبژاردنی ترەمپ و سیاسەتی دەورەی داهاتووی ئەمریکا!

نوری بەشیر

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکا پڕدەنگۆترین هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵانە بوو، چ لەدەورەی زیاتر لەسەد ڕۆژی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و چ ٥ ی نۆڤەمبەر وەک ڕۆژی دەنگدان و تاکو ئەمڕۆ. حزبەکانی بۆرژوازی و حکومەت و میدیاکانیان تا دەگاتە سەرمایەداران لەئاستی دنیادا هەریەک لە بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە، قسەوباس دەکەن لە هەڵبژاردنی ترەمپ و سیاسەتی دەورەی داهاتووی ئەمریکا، هەروەها کار و کاریگەریەکانی لەئاستی ئەمریکاو جیهاندا، زۆرێک بەئومێدەوە لە سیاسەتی نوێی ئەمریکا و ترەمپ دەڕوانن و بەشێکی ڕەشبین، هەموو ئەمانە لەو گۆشەیەوە سەیر دەکەن، کە جێگاوڕێگایەک بۆرژوازی و سەرمایەداری لەئاستی دنیاداو بەتایبەت کە ئەمریکاو تا دەگاتە ترەمپ و حزبەکەی ئەمڕۆ هەیانە، بەتایبەت لەدنیای ئەمڕۆدا کە سەرمایەداری قەیرانێک کە یەخەی گرتووە، بەڵام لەمەیداندانەبوونی ڕکەبەرێکی گەورەی چینایەتی دژی سەرمایەداری کە چینی کرێکاری هوشیارو حزبە کۆمۆنستیەکانە، شانسی داوە کە سەرمایەداری بەهۆی حزبە جۆراوجۆرەکانیەوە بمێنێتەوە، هەربۆیە بەرژەوەندیەکانی چینی سەمایەدار چاوەکانی لەو بەرژەوەندیانەوە دەڕوانێتە ترەمپ. بەڵام هەڵبژاردنی ترەمپیش لەهەلومەرجێکدایە کە دەورەی پێشووی سەرۆکایەتی و هەتا دەورەی دیموکراتەکان نیە، بەڵکو جیهانی چەند جەمسەری چۆتە جێگاوڕێگایەک کە مەوقعیەتی سیاسی و هەتا ئابوری ئەمریکای لەجێگایەکی لاوازتردا راگرتووە.

بابزانین ئەم هەموو هاتوهاوارە بۆ جێگاوڕێگای ترەمپ و ئەمریکا لە دنیای ئەمڕۆدا لە جێگای خۆیدایە، ئایا ترەمپ و حزبەکەی چی شتێکی زیاتر دەتوانێت بکات کە بایدن و دیموکراتەکان نەیانتوانی بیکەن؟ بەتایبەت ئەمەشمان لەبەریتانیا بینی کە بەدوای شکستی ١٤ ساڵەی دەسەڵاتی حزبی پارێزگاران چاوەکان لەسەر لەیبەر پارتی و رابەرەکەی کییەر ستارمەر بوو بۆ ئاڵوگۆڕ، بەڵام ئەوەی کە ریشی سوناک و حزبی پارێزگاران نەیتوانی بیکات ئەم دەیەوێت بیکات، لەوەڵامنەدانەوە بە خواستەکانی کرێکاران و کارمەندان، لە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا تا دەگاتە مەسەلەی پەنابەران و لایەنگری بۆ حکومەتی ناتانیاهۆ و کۆمەڵکوژیەکەی. هەربۆیە ئەم سەرۆکانەو حزبەکانیان وەک سەرۆک حزبی بۆرژوازی و سەرمایەداران، لەیەک سەرچاوەوە دەجوڵێن ئەویش بەرژەوەندیەکانی سیستەمی سەرمایەدارانە چ لە ئەمریکایە بێت، یان لە ئێران و لەکوردستانیش.

سەرەتا ئایا ترەمپ و حزبەکەی لەکۆمەڵگای چینایەتی ئەمریکادا لەکوێدا وەستاون؛ یەکەم، ئەگەرچی ئەمریکا وەک یەکێک لەگەورەترین وڵاتانی سەرمایەداری ناسراوەو زۆرێک لە بۆرژوازی جیهانی بەلانکی دیموکراسی دەزانن و پەرلەمانەکەی بەنموونەی دیموکراسی پەرلەمانی دەزانن، بەڵام چ پەرلەمان و دیموکراتیەتەکەی هەمانشێوەی پەرلەمان و دیموکراتی حکومەتانی بۆرژوازی دنیایەو لەیەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە، چ لە ئەمریکا، یان بەریتانیا تا دەگاتە کوردستان، هەموو بەشوێن مانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەوەن، بەڵام لەهەر وڵاتێک فۆرمێکی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت، بەکەمێک جیاوازیەوە، بەڵام یەک سیاسەت و یەک بەرژەوەندی گشتی سیستەمی سەرمایەداری و هەموو بۆرژوزی دەپارێزن.

هەموو دەورەی جیاوازیەکانی دیموکرات و کۆماریەکانمان بینی لەرێگای نوێنەرەکانیان کامالا هاریس و ترەمپ لەدەورەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، ئەو تۆمەتانەی کە دەیاندایە پاڵ یەکتری. هەموو دەورەی پێشووی دەنگ نەهێنانی ترامپمان بینی کەچۆن ئەنجامی هەڵبژاردنی قبوڵ نەکردو بانگەوازی هێرشکردنەسەر کۆشکی کۆنگرەسی کردو داگیریان کرد. ئەمشێوە تۆمەت بەخشینەوەو هەڕەشانە، لە بەریتانیاوە تاکو کوردستانمان بینی لەهەڵبژاردنەکاندا بەجۆرێکی تر، کە هەموو ئەوانە شتێک نیە جیا لە خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا، بۆ چوارساڵ جارێک دەنگی خەڵکیان پێویستە بۆ شەرعیەتدان بەدەسەڵاتەکەیان، بۆ مانەوەی دەسەڵات لەدەست باڵە جیاوازەکانی بۆرژوازیداو بەدوورگرتنی ئەو دەسەڵاتەیانە لەهێزی جەماوەری کرێکارو حزبی چینایەتی و کۆمۆنیستی.

دووەم، ترەمپ خۆی وەک کەسێکی سەرمایەداری ملیاردێر، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی حزبەکەی وەک حزبێکی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان دەکات کە نوێنەرایەتی

بەرژەوەندیەکانی سیستەمی دەسەلاتی سەرمایەداری ئەمریکا دەکات، خۆی کەسێکی راسیست و فاشیستە، کە دژە ژنە، دژی مافەکانی ژنانە، لەوانە لەم هەڵبژاردنەدا بەدژی کێشەی لەباربردنی منداڵە کەترسی بۆسەر ژیانی ژنان هەیە، دژە پەنابەرە لەبەرنامەی هەڵبژاردنەکەیدا نەیشاردەوە کە هەڵبژێرێت ئەوا نزیکی یازدە ملیۆن پەنابەر دیپۆرت دەکاتەوە، دژی مافەکانی منداڵانە بەوەی کە خوێندن تایبەت دەکات، کۆنەپەرستەو دەستدەگرێت بە دینەوەو بەدژی رەگەزی سێیەم و گۆرینی رەگەزە، بەجیا لەمانەش کەسێکی وا دەبێت بە سەرۆک و هەڵدەبژێرێت کە زیاتر لە سی کەیسی تۆمەتی لەسەرەو کە بەشێکی تا ئێستاش لەدادگادا ماونەتەوە.

سێهەم؛ ئەوەی لەهاتوهاواری هەڵبژاردنەکەیدا هات کە وەزعی ئابووری ئەمریکا چاک دەکات، نەیشاردەوە کە باج لەسەر سەرمایەداران دەکاتە سفر، باجی لەسەدا دە لەسەر کاڵای هاوردە دادەنێت، ئەمەش کاریگەری بۆ سەر بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا دەبێت، بەڵام باجی سەر کرێکاران و کارمەندان هەر دەبێت بمێنێت، راستی ئەمەشی لەبەرژەوەندی سەرمایەداراندایە، نموونەیەکی زیندوی بەرژەوەندی ترەمپ و حزبەکەی هەمان بەرژەوەندی سەرمایەدرانە، لە یەکەم رۆژی دوای هەڵبژاردن واتە لە ٦ی نۆڤەمبەردا، سەروەتی دە لەسەرمایەدارە گەورەکان، شەست و چوار ملیار دۆلار بەهۆی بەرزبوونەوەی پشکەکانیان لەبازاڕی جیهانیدا زیادبوو کە هەم ترەمپ پشکی بەرکەوت و هەم ئیلۆن ماسک کە یەکێک بوو لەوانەی لەدەورەی هەڵبژاردندا لەپاڵ ترەمپدا وەستاو ملیۆنان دۆلاری سەرفکرد بۆ دەنگهێنانی ترەمپ، هەروەها بیل گەیتس و چەند ملیاردێری دیکە لەو لیستەدان، ئەمەش لە گەورەترین میدیای خودی بۆرژوازی لە گاردیانی بەریتانی و دەیان میدیای تردا بەروونی باسکراوە.

چوارەم؛ تا بەهەلومەرجی جیهانی دەگەرێتەوە، ئەمریکای ئێستا لەدەورەیەکدایە کە کێشەکانی جەمسەرەکان چۆتە جێگایەکی ترەوە کە نەک جێگای ئەمریکای لەبەرامبەر جەمسەرەکانی روسیاو چیندا لەخوارەوە راگرتووە، بەڵکو جێگاورێگای ئەمریکا لە جەمسەری وڵاتانی رۆژئاوادا کە ئەم رابەرایەتی دەکرد، هاتوتەخوارەوە.

دنیای چەند جەمسەری ئەمرۆ، جێگای ئەمریکای وەک تەنیا زلهێزی دنیای نەهێشتووە، ئەوەتا جەمسەری روسیاو چین هەنگاوەکانیان لە هاوپەیمانیەتی ئابوریدا زیاتر خۆیان رێکدەخەن و لەکۆبوونەوەی بریکس پلەسدا لە مانگی رابردوودا، واتە ئۆکتۆبەردا، بەشوێن دراوێکی هاوبەشیشەوەن بۆ لیدان لە دۆلارو دراوەکانی تری ئەو جەمسەرەی ئەمریکای تێیدایە، ژمارەیەک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکاو رۆژئاوا پەیوەست دەبن بە بریکس پلەسەوە وەک تورکیا کە ئەندامی ناتوو هاوپەیمانی ئەمریکایە، وڵاتانێکی هاوپەیمانی کۆنی ئەمریکاو غەرب لە ئەفریقادا سەنگەرەکانیان دەگوێزنەوە بەرەولای روسیاو چین، روسیا مەیدانی سیاسی و ئابوری لێگرتوون و چین مەیدانی ئابوری.

بەمشێوەیە وەستانی ئەمریکا لەجێگاورێگایەکی وادا، ترەمپ هەر هەنگاوێک بنێت، کەخۆیشی نەیشاردۆتەوە، کە ئەمریکاو بەرژەوەندی ئەمریکا یەکەمە، بەڵام ئەمریکا پاکەتێکی دەستەسڕی کاغەز نیەو بیکەیتەوەو هەموو دەستەسڕەکانی وەک یەک بن، بەڵکو کۆمەڵگایەکی چینایەتی کە لەسەر پایەی بەرژەوەندیە جیاوازەکانی کارو سەرمایە وەستاوە، کە ئەگەرچی سەرمایەداران کەمایەتین، بەڵام چینی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا زۆرینەن، ئەگەرچی بەپێی پێویست رێکخراو نین، ئەگەرچی حزبی چینایەتی کۆمۆنیستی خۆیان نیە، کە ترەمپ و حزبەکەی و هەموو سەرمایەداران لێی توقیون، بەڵام هەموو نارەزایەتیەکانی کرێکاران دەبیستن بۆ خواست و داواکاریەکانیان، هەموو چەپەکان و ئازادیخوازان دەبینین کەچۆن لەپێشەوەن بەدژی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل لەفەلەستین، بەڵام بەپێچەوانەوە کە ترەمپ و حزبەکەی و بایدن و حزبەکەی بەرگری لەو کۆمەڵکوژیە دەکەن، واتە کێشەکانی داهاتووی ترەمپ هەم ناوخۆیی و هەم دەرەکیە.

هەربۆیە هەرخۆشخەیاڵیەک بەوەی وەزعی ئابوری ئەمریکا باش دەکات، شتێک نیە لەوەزیاتر کە چاوەکان هەر لەسەر سەرمایەداران و حزبەکان و رابەرەکانی لەچەشنی؛ ترەمپ، کییەر ستارمەر، ناتانیاهوو خامنەیی و پۆتینە، ئەمە هەمووی بەرژەوەندیی سەرمایەداران و مافیاکانە. هەر خۆشخەیاڵیەک بەوەی کە ترەمپ و ئەمریکا ئاسایش بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست دێنێت، شتێکی جیا نیە لەوەی کە لەهەوڵی بردنەپێشەوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیدایە لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی کۆنەپەرستی کەنداو لە سعودیەوە بگرە تا وڵاتانی تری کەنداو، هەموو دەورەی پێشووی ترەمپی بینی، وەستانی لەپاڵ ئیسرائیل و گوێزانەوەی پایتەخت بۆ قودس، هەموو هەمان هەڵوێستی بایدنیشی بینی؛ وەستان لەپاڵ کۆمەڵکوژی ئیسرائیلدا، ئەم دەورەیەی داهاتووش هەمان هەڵوێستی ترەمپ و حکومەتی ئەمریکا هەر وەستانە لەپاڵ ناتانیاهۆ و کۆمەڵکوژیەکەی لەژێرناوی بەرگری لەخۆ، هەموو دنیا سیاسەتی ترەمپی بینی لە ئەفغانستان ساڵی ٢٠٢٠ کەدەستی یەکێک لەرەشترین و کۆنەپەرسترین هێزی تالیبانی گرت و ئەفغانستانی تەسلیم کردن.

بەپێچەوانەوە دەورەی داهاتوو بۆ ترەمپ لەبەرامبەر شەری روسیاو ناتۆ لە ئۆکرانیا سەختر دەبێت، ترەمپ ئەگەر

بەشوێن ڕێکەوتنەوە بێت لەگەڵ پۆتین، ئەوە لەبەرژەوەندی پۆتین دەبێت، بەڵام بۆ جێگاو پێگەی ئەمریکاو ناتۆ نەگونجاو دەبێت. چونکە بەرژەوەندی سەرمایەی ئەمریکا و ڕۆژاوا لەم کێشمەکێشەی لەگەڵ لەگەڵ ڕوسیادا لەوەدایە کە ئەم شەڕەی ئۆکرانیا بەدژی ڕوسیا بشکێنێتەوە هەموو شکستێکی ئۆکرانیا واتە شکستی ناتۆ و پێگەی ئەمریکا وەکو هێزی بێرکابەری جیهانی سەرمایەداری. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕامپ فشارەکانی بۆ سەر وولاتانی ئەوروپا بکات بە سەپاندنی بەرپرسیارێتی دارایی بەسەریاندا بەرامبەر بە ئۆکرانیا. ئەوەش دەوری دەبێت لە توندکردنەوەی نائینسجامی نێوان ئەمریکاو ئەوروپا و بەرەی ناتۆ.

هەربۆیە باشترکردنی ژیانی ئابوری خەڵکی ئەمریکا، هێنانی ئاسایش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مەسەلەی فەلەستین و تا دەگاتە مەسەلەی کورد، نە بە ترەمپ و نە حزبی کۆمارییەکان و نە دیموکراتەکان ئەگەر کاماڵا هاریس دەنگی بهێنایە و نە بەپەرلەمانە دیموکراتیەکەیان دەکرێت. سیاسەتی داهاتووی ترەمپ هەمان سیاسەتی حکومەتی سەرمایەداری پێشووی دەورەی خۆی و بایدنە بەپێی هەلومەرجی ئێستا کە بەرژەوەندیەکانیان و دەسەڵاتیان دەیخوازێ بۆ مانەوەی خۆیان.

هەربۆیە ئالوگۆڕی ریشەیی بە هاتنەمەیدانی هوشیارانەی چینی کرێکارو حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار دەکرێت، بەچوونەپێشەوەی هێزی ئینتەرناسیۆنالیست دەبێت، کە ئەمەش نەک هاوکێشەکان لەئەمریکادا، بەڵکو لەسەرانسەری دنیادا دەگۆڕێت.

★

# تورکیا چی لە سوریا و عێراق دەوێت؟

## عوسمانی حاجی مارف

لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لە بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی تورکیادا نەبوون. ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق کە دوای لەشکرکێشی و سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعش و شەڕی ناوخۆی سوریا، هەموو پێکەوە بوونە هۆی دۆخی ناسەقامگیری ناوچەکە، کە زیاتر لە دوو دەیەی خایاندوە، لەم نێوەدا پەکەکە کە لەلایەن ناتۆوە وەک قەوارەیەکی تیرۆرستی دەستنیشانکراوە، دەیانساڵ شەڕی ئەنقەرە دەکات، سوودی لەو دۆخە گێژاوەی عێراق وەرگرت بۆئەوەی بوونی خۆی بەدرێژایی سنوورەکان لە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقدا جێگیر بکات.

لەسەر سنوورەکانی تری باشووری تورکیا، لە هەڵمەتی شەڕی بەرفراوانی دژ بە داعش، بووە هۆی ئەوەی کە هاوبەشی نێوان ئەمریکا و یەپەگە دروست ببێت کە بە باڵی چەکداری پەکەکە لەسوریا ئەژماردەکرێت، کە دواتر هێزەکانی سوریای دیموکرات کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانیان بەدەستهێنا. ئەم هاوبەشیە بووەتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم دووبارە دانانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا.

هەرچەندە تورکیا، پێشبینی ئەوە دەکات کە بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق و سوریا بەشێوەیەکی بەرچاو لە کەمبونەوەدایە، بۆیە بەدواداچوون بۆ ئامانجی فراوانتر دەکات، کە بریتین لە کۆنترۆڵکردنی ئەو نائارامیەی لە سنوورەکاندا هەن، بۆیە هەوڵەدات بۆ بێبەشکردنی پەکەکە لەهەر پانتاییەک بۆ هەڵسورانی چەکداری.

لەلایەکی ترەوە تورکیا هەوڵەدات یەکەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە سوریا پاککاتەوە، چونکە تورکیا پەیوەندیەکانی یەپەگە بە پەکەکەوە وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ داهاتوی خۆی سەیردەکات. دواتریش دوای کۆتایی شەڕەکەی لەگەڵ یەپەگە، ڕەنگە دانوسان لەگەڵ دیمەشق و واشنتۆن بکات، بەڵام ئەمریکا و یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات لەئێستادا بەشێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام تورکیا دەیەوێت لەو ناوچانە خۆی لە گەڵ واشنتۆندا هەماهەنگی بکات. لە کۆتایدا ئەنقەرە پێیوایە لەدرێژخایاندا حکومەتی سوریا خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی دەکات. بۆیە پێیوایە ڕژێمی ئەسەد دەبێتە لایەنێکی بەشدار لە چارەسەری کێشەکانیدا.

ئەنقەرە کە شایەتحاڵی دوو دەیە ناسەقامگیریە، بەدرێژایی سنووری باشووری وڵاتەکەی، لە پێشبینیکردنی بۆ کشانەوەی ئەمریکا، پلانی هەیە هەنگاو بنێت بۆ کۆتاییهێنان بەم نادڵنیاییە، بە ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنی فراوان لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا.

داواکاری سەرەکی تورکیا لە ڕژێمی ئەسەد، سەرکوتکردنی یەپەگەیە و گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کۆنترۆڵکراون بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەسەد. لەکۆتاییدا ئەنقەرە دەیەوێت ئەسەد لانیکەم بەشێک لە پەنابەرە سووریەکان بگەڕێنێتەوە کە زیاتر لە دە ساڵە لە تورکیە نیشتەجێن. بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەسەد دەیەوێت هێزەکانی تورکیا سوریا بەجێبهێڵن.!

نزیکەی شەش ملیۆن سووری کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی تورکیا لە باکووری سوریا دەژین،

نایانەوێت دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسەد بەم زووانە بگەڕێتەوە، ئەگەر هەر ڕوووبدات. بەهەمان شێوە زۆرێک لە پەنابەران لە تورکیا نایانەوێت بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان.

یەکێک لە نیگەرانیە سەرەکیەکانی ئەنقەرە ئەوەیە کە کشانەوەی خێرا لە باکوری سوریا دەتوانێت ببێتە هۆی دارمانی ئەمنی هاوشێوەی کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان. ئەم سیناریۆیە، دروستکردنی لێشاوی زیاتری پەنابەرانە بۆ ناو تورکیا.

بۆ دوورکەوتنەوە لەم سیناریۆیە، ڕەنگە ئەنقەرە داوا لە ئەسەد بکات کە" ناوچەی خۆڵەمێشی "کاتی لە باکووری سوریا دابمەزرێنێت، هەروەها هێزە سەربازیەکانی تورکیا و ئەو هێزە میلیشیایانەی هاوپەیمانی تورکیا دەکەن، دەستیان بە هەندێک لە دەسەڵاتی ناوخۆیدا بگات، لەکاتێکدا دیمەشق خزمەتگوزاریە گشتیە سەرەکیەکانی وەک پەروەردە، خزمەتگوزاریەکانی گەیاندنی پۆست و هتد بەڕێوەدەبات. دواتر بەدوای کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ، گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی تەواوی ڕژێم لە باکووری سوریا دابین کەنەوە.

بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی" دەستەی ڕزگاری شام "کە لایەنێکی ئیسلامی سونەن، بە هەموو شێوەیەک هەوڵئەدات هەر ڕێکەوتنێک کە ئەنقەرە لەگەڵ ئەسەد ئەنجامی بدات، تێکی بدەن. هەڵبەتە دژایەتیەکانی دەستەی ڕزگاری شام بووەتە ناچاری هاوکاری نێوان سوریا و تورکیا، ئەمەش دەتوانێت تورکیاو سوریا زیاتر لێک نزیک بکاتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیەکانی ئەم دەستەیە لەگەڵ قاعیدە و زیادەڕەوی ئەم دەستەیە، ڕەنگە هێزی دەرەکیش دەستێوەردان بکەن بۆ یارمەتیدانی تورکیا لە دامرکاندنەوەی هەوڵەکانی ئەو دەستەیە، کە ئەمریکا و تەنانەت ڕۆژئاوا تا ئێستاش نیگەرانن لە مەترسی کۆچکردنی بەکۆمەڵ لە سوریاوە.

تەنانەت لەکاتێکدا تورکیا لەگەڵ ئەسەد دانوستانەکانی ئەنجام دەدات، هەروەها بەردەوام دەبێت لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە داهاتووی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەگەری هەیە واشنتن ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لەوێ کەم بکاتەوە یان بە تەواوی بکشێتەوە. ئەنقەرە قۆناغێکی ڕاگوزەر پێشبینی دەکات کە تیایدا باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە شێوەیەکی نافەرمی دابەش بکرێت و لەلایەن خۆی و سوریاوە بەڕێوەی بەرن.

لەئێستادا لەگەڵ کەمی سەربازی ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە هاوبەشیکردن لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات کاردەکەن بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی داعش. لە چوارچێوەی ئەم هەوڵەدا، یەپەگە و لایەنەکانی دیکەی هێزەکانی سوریای دیموکرات پارێزگاری لە زیندان و کەمپی دەستبەسەرکردن دەکەن کە نزیکەی ٧٠ هەزار چەکداری داعش و ئەندامانی خێزانەکانیان تێدا نیشتەجێیە.

بۆ هەندێک ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا – بەتایبەت دۆڵی ڕووباری فوراتی ناوەڕاست – ئەنقەرە هاوکار دەبێت لەگەڵ ئەمریکا و ڕێگری لە گەڕانەوەی داعش بە هاوکاری هۆزە عەرەبیەکانی دۆستی تورکیا.

سەبارەت بە بەشەکانی دیکە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەنقەرە گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق دەکات سەبارەت بە ڕێکخستنی گەڕانەوەی ڕژێمەکە و کۆتاییهێنان بە کۆنترۆڵی یەپەگە، ئەمەش لە چوارچێوەی یەکلاییکردنەوە و کۆتاییهێنانە بە شەڕ.

یەکێک لە ئاستەنگیەکانی بەردەم هەوڵەکانی تورکیا، ئێرانە کە تا ئێستاش وەک پشتیوانێکی گەورەی دەرەکی ئەسەد دەمێنێتەوە، بەڵام ئێران بێهیوا بووە لە فراوانکردنی نفوزی خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. بەتایبەتی بەدوای هەڵگیرسانی شەڕ لەلایەن ئیسرائیلەوە دۆخەکە لەناو سوریا بۆ ئێران سەختر بووە، لەڕاستیدا ڕەنگە ئامادەبوونی سەربازی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو "پردی وشکانی "ئێران پەک بخات کە سوریا بە عێراق و لوبنانەوە دەبەستێتەوە. وەک ئاڵۆزیەکانی دۆخەکە وەها دەردەکەوێت، بژاردەیەکی سیاسەتی ئاسان بۆ ئەمریکا لە سوریادا نییە تا بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی خۆی بسەپێنێتەوە، چونکە لەبەرامبەر نەخشەی واشنتۆندا هیچ یەک لە ئێران و ڕوسیا و چین ... ئامادە نین پێشوازی لە هەر ڕێکەوتنێک بکەن بەناوی ئەوەی کە ڕژێمی ئەسەد بگۆڕدرێت.

لەلایەکی ترەوە هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەنقەرە لە سوریا و عێراق، لەسەر ڕێڕەوی بردنەپێشەوەی پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" کە تورێکی بازرگانیە بە عێراق و تورکیادا تێدەپەڕێت، بازاڕەکانی ئاسیا و ئەوروپا لەڕێگەی زەریای هیندی و دەریای ناوەڕاستەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش پەیوەندیەکی تایبەت بەجیالەوەی سوریا کە بەشێوەیەکی ئاسانتر پەیوەندی تورکیا بە عێراق دەبەستێتەوە، جگە لەو پەیوەندیەش کەسی ساڵ زیاترە تورکیا بە بارزانیەوە گرێیداوە.

لەهەمانکاتدا لەم دواییانەدا ئەنقەرە بڕیاریدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا باشتر بکات، بەغداش گڵۆپی سەوز بۆ پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان "هەڵکردووە لە هەمانکاتدا پەکەکە وەک" ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو "پۆلێن دەکات.

ئەنقەرە پێیوایە گرێبەستی بیناسازی قازانجبەخش بۆ بەندەر و ڕێگاوبان و ژێرخانی هێڵی ئاسنی پرۆژەی" ڕێگای گەشەپێدان "لە هەردوو شاری بەغدا و حکومەتی هەرێم بۆ ناو بازنەی خۆی ڕادەکێشێت، هاوکات داوای پاڵپشتی ئەمەریکا دەکات بۆ بەهێزکردنی نفوزی تورکیا وەک هێزێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەبەرامبەر ئێراندا. ئەگەر هەموو ئەم ئامانجانە بەدی بهێنرێت، ئەنقەرە داوا لە بەغدا دەکات ئامادەبونی سەربازی تورکیا لە باکوری عێراق قبول بکات.. لە هەمانکاتدا داوا لە

تاڵەبانی دەکات کە پەناگەی ئارام لەسەر خاکەکەی بۆ پەکەکە ڕەتکاتەوە.

بە ڕژەوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا لە عێراق بەئاسودەتر و بەئاسانیتر یەکدەگرنەوە لە چاو سوریا، پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" بەشێکی سەرەکی ئەم هەوڵەیە. بێگومان هەموو ئەم هەوڵانەی تورکیا کاریگەری لەسەر ئەو دۆخە دەبێت کە عێراق و سوریای کردۆتە گۆرەپانی سەرەکی کێبرکێ بەرامبەر بە ئێران. ئەگەر واشنتۆن و ئەنقەرە بگەنە ڕێکەوتن لەسەر ئایندەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە دڵنیاییەوە تاران هەنگاو دەنێت بۆ تێکدانی هەوڵەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا، تاران جگە لە فشارخستنە سەر ڕژێمی ئەسەد بۆ ڕەتکردنەوەی هەر ڕێککەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ ئەنقەرە، لەهەمانکاتدا بە پەیوەندیە درێژخایەنەکانی لەگەڵ تاڵەبانی کەڵک وەردەگرێت بۆ ڕێگریکردن لە پلانەکانی تورکیا دژی پەکەکە لە عێراقدا.

هەروەها ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە بەغدا کەڵک وەردەگرێت بۆ تێکدانی سیاسەتی پرۆژەی" ڕێگای گەشەپێدان"، یان بە خاوکردنەوەی پرۆسەی بیناسازی یان دواخستنی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

دەستپێشخەری ئەم دواییانەی (دەڤلەت باخچەلی)، سەبارەت بە ئازادکردنی عەبدوڵلا ئۆجالان، کە تێیدا ئامادەیی خۆی بۆ ئازادکردنی ئۆجالان ڕاگەیاند بەو مەرجەی "عەبدوڵلا ئۆجەلان، لە زیندان دەربهێنرێت و لە پەرلەمانی تورکیا چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە ڕابگەیەنێت."

"ئۆجەلان وتوویەتی، من ئامادەم بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆم جێبەجێ بکەم، داوا لە ڕێکخراوەکە دەکەم چەکەکانی دابنێت."

ئێستا پرسی گەرمی تورکیا چەکدانانی پەکەکەیە، تورکیا دەیەوێت ئەو کارە لەسەر دەستی ئۆجەلان بکرێت، (دەڤلەت باخچەلی) یەکەم کەس بوو ڕێگەی چەک دانانی پەکەکەی ڕاگەیاند و وتی" با ئەو گۆشەگیریەی سەر ئۆجەلان هەڵگیرێ و ببرێتە ناو پەرلەمان و لەبەردەم هەموو نوێنەرانی پەرلەماندا بلێ من کۆتایم بەو ڕێکخراوە هێناو چەکەکانتان دابنێن."

ئەمە چەندە واقعی دەبێتەوە بەڵام پێشنیازی باخچەلی بەشێکە لەو سیاسەت و هەنگاوانەی تورکیا هەوڵئەدات کە ڕۆڵێکی زیاتر بگێرێت لە دۆخی سیاسی ناوچەکە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێشبینی دەکرێت، تا پێگەی خۆی قایم بکات، بەتایبەتی کە داگیرکاری ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و باشوری لوبنان و هەوڵدانی ئیسرائێل بۆ فراوانکردنی شەڕ لە ناوچەکەدا، دۆخێکی تازەی فەراهەم هێناوەو هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، تورکیاش وەک لایەنێک بۆ بردنەپێشەوەی دەستتێوەردانەکانی لە ناوچەکەدا و لەڕاستای ئەم دۆخە دژوارەدا، لە هەوڵی دەستکەوتی بەرژەوەندی زیاترە، تا دوای وەستانی شەڕ لە ناوچەکەدا هاوسەنگی خۆی بالاتر کات و پێگەی خۆی بە هێزتر کات، کە لەم بارەیەوە قسەکردن لەسەر هەندێ مافی خەڵکی کوردستانی تورکیا و ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکە بکاتە زەمینەیەک بۆ ئەو ستراتیژەی کە دەیەوێت باڵادەستی بەسەر عێراق و سوریدا بسەپێنێت، ئەوەی بۆ تورکیا بیبایەخە مافی خەڵکی کوردستانە.

---

بۆ هەندێ زانیاری بۆ ئەم وتارە سود لە وتارێکی" سونر چاغاپتاي "وەرگیراوە بە ناونیشانی" تركيا تريد إعادة ربط العراق وسوريا"

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ریزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆری شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**